# کردەوەی تیرۆریستانەی فڕاندنی ژورنالیستە فەرەنسیەکان مەحکوم دەکەین
# خەڵکی عیراق دەبی بەر بە تیرۆریزمی ڕەشی ئیسلامی بگرن!

فڕاندنی ژورنالیستو کارمەندانی کۆمپانیا بیانیو عەرەبیەکانو سەبڕینو کوشتنیان بە وەحشیانەترین شێوە، لە سایەی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا ودەسەلاتی حکومەتی ئینتقالی قومی-ئیسلامیدا، بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر برەوی پەیداکردوە. دووایین دیمەنی ئەم فلیمە فڕاندنی دوو ژورنالیستی فەرەنسی بوو بەناوی کریستیان شینوو جۆرج مالبرونۆ، کە چەند رۆژ لەمەوبەر لەلایەن جەیشی ئیسلامی عێراقەوە فڕیندراون و باندی ناوبراو هەڕەشەی سەربڕینیان دەکەن.

داوای ئەمجارەی تیرۆریستانی ئیسلامی چونە دەرەوەی سوپایەکی هاوپەیمانی ئەمەریکا نیە، خواستی چونە دەرەوەی کۆمپانیایەك نیە لە عێراق، بەڵکو داوای هەڵوەشاندنەوەی قەراری حکومەت وپەرلەمانی وولاتی فەرەنسا دەکەن بۆ قەدەغەکردنی حیجابی ئیسلامی لە قوتابخانە وزانکۆو دامودەزگا رەسیمەکاندا. تیرۆریزمی ئیسلامی وهێزەکانی، بەم داوایەیان نموونەیەکی تری دڕندەیی خۆیان وسیاسەتێك کە دەیەوێت بە تیرۆر و بە سەبڕین، بە وەحشیانەترین شێوەکانی کوشتنی ئینسان، قانونو شەرع وفەرهەنگی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی بسەپێنێت بەسەر کۆمەلگای بەشەرییداو نیشانی بدەن.

رەمزی دینی ولەوانە " حیجاب"ی ئیسلامی بەجیا لەوەی رەمزی کۆیلەتی ژنانە لەهەمانکاتدا رەمزی جوداکردنەوەی ئیسنانە لەسەر پایەی دینو باوەری دینی، بۆیە قەدەغەکردنی رەمزە دینیەکان بە"حیجابو قلنسوەی یەهودیو صەلیبی مەسیحی" یەکێکە لەو هەنگاوە ئیجابیانەی کە لەماوەی 20 ساڵی رابوردووی ئەوروپادا بێوینەبووە. کۆمەلگای بەشەریو بەتایبەت خەڵکی فەرەنساو ئازادیخوازانی فەرەنسا نابێت مل بەم خواستە بۆگەنو قێزونەی تیرۆریستانی ئیسلامی بدەن.

ئەم کردەوە تیرۆریستیە جارێکی تر ئەوە بۆ هەموو خەڵکی جیهان ڕۆشن دەکاتەوە، کە چۆن جەنگی ئەمریکا لە دژی عیراق بواری لەبەردەم تیرۆریزمی ڕەشی ئیسلامی سیاسیدا کردۆتەوە و دەستی ئەوانی بۆ گەیاندنی هەڕەشەی تیرۆریستانە و دژی ئینسانیەیان بە جیهان ئاوەڵا کردووە.

حیزبی کۆمۆنیستیی کرێکاری عێراق لە کاتێکدا کە بەتوندی فڕاندنی هەردوو ژورنالستی فەرەنسی مەحکوم دەکاتو خەباتی هەمەلایەنەی خۆی بەهاوشانو هاوپشتی ئازادیخوازانو ئینسان دۆستانی دنیا درێژە پیدەدات لەپێناو بنەبرکردنی تیرۆرو تیرۆریزمو گێرانەوەو رێکخستنەوەی مەدەنیەت لە عێراقو ناوچەکەدا. جەماوەری ئازادیخوازی عیراق بۆ وەدەنگهاتن و هاتنە مەیدان لەبەرامبەر ئەم تیرۆریزمە ڕەشە بانگەواز دەکات.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**

2004/8/31